## یاریزانی هەڵبژاردەی قەتەر و یانەی سد ویسام رزق تایبەت بە گوڵان

# لاتێکی زۆر

**ویسام رزق، ساڵی ١٩٨١ لە کوێت لە دایك بووە، خەڵکی وڵاتی فەلەستینە و رەگەزنامەی قەتەری وەرگرتووە، یەکێکە لە یاریزانە هەر باشەکانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی سد و هەڵبژاردەی قەتەر و هەروەها لە یانەی خور یاریکردووە. لە یەکێك لە یەکە مەشقییەکانی یانەی سد، لە وڵاتی قەتەر ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا.**

* بۆچی لە تۆپی پێدا، هەڵبژاردەی قەتەر ماڵئاوایی لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا کرد؟

- ئەوەی ڕاستی بێت زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی قەتەر لاو بوون و ئەزموونیان لەم جۆرە پاڵەوانێتیانە کەم بوو، لە بەرانبەر هەڵبژاردەیەکی بەهێزی وەکو هەڵبژاردەی ژاپۆن یاریمان کرد، دەتوانم بڵێم لە هەموو روویەکەوە ئەوەی لەسەر شانمان بوو جێبەجێمان کرد.

* ئایا لە ئاستی خۆت رازیت، کە لەم پاڵەوانێتییەت پێشکەش کرد؟

- بەڵێ، لە ئاستی خۆم رازیم و زۆربەی رۆژنامەنووسەکان و جەماوەر ستایشی ئاستی منیان کرد لەم پاڵەوانێتییەدا.

* هۆکاری ئەنجامە خراپەکانی یانەی سد بۆ چ دەگەرێتەوە؟

- لە سەرەتاوە چانس یاوەرمان نەبوو زۆربەی یاریزانەکان تووشی پێکان بوون ئەمەش گرفتێکی زۆری بۆ دروست کردین، بەڵام ئێستا کەش و هەوای تیپەکە زۆر گەشبینە و یاریزانەکان هەوڵ دەدەن ئاستی راستەقینەی خۆیان لە یارییەکان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی دووبارە بگەرێنەوە نێو رکابەرییەکان.

* چۆن دەروانییە بڕیاری دەستنیشان کردنی فۆساتی وەکو راهێنەری یانەی سد؟

- گەڕانەوەی راهێنەری فۆساتی بۆ ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی سد بڕیارێکی سەرکەوتوو بوو و کاریگەری لەسەر یاریزانەکان لە رووی دەروونی هەبوو، چونکە راهێنەر فۆساتی بەوە ناسراوە کە مامەڵەی لەگەڵ یاریزانان باشە و وەکو یەك ئەندامی خێزان مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.

* چۆن دەروانییە ئاستی یاریزانە پیشەگەرەکانی یانەی سد؟

- گشت ئەو یاریزانانەی کە دەستەی کارگێری یانەکەمان گرێبەستی لەگەڵ مۆر کردوون یاریزانانی بە ئەزموونن، وەکو نزیر بلحاج و عەبدولقادر کیتا و لینادرۆ بۆیە ئەم یاریزانانە کاریگەری خۆیان لەسەر ئاستی یانەکەمان هەیە.





# شتیفی گراف ئەستێرەی ئـ



## سەرکەوتنەکانی گراف وەکو یاریزانی پیشەگەر

ساڵی ١٩٨٨ توانی یەکەمین نازناو بەدەست بێنی، دوای ئەوەی لە پاڵەوانییەتی ویمبڵدۆنی بردەوە و ساڵی ١٩٨٣ بەشداری لە پاڵەوانییەتی فەڕەنسا کرد و لەچەند یارییەك سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەهەمان ساڵدا گراف خوێندنی جێهێشت و خولیای زیاتری خستە سەر مەشقەکانی و گەیشتە پلەی (٩٨)ی ریزبەندی جیهانی و ساڵی ١٩٨٤ نازناوی پاڵەوانییەتی تێنسی سەرزەوی ئافرەتانی یارییەکانی ئۆلۆمپیادی لۆس ئەنجیلۆسی ئەمریکی بردەوە، لە ساڵی ١٩٨٤ بچووکترین یاریزان بووە کە یەکەمین جار بەشداری لە پاڵەوانییەتی ویمبڵدۆن بکات و ریزبەندی گەیشتە (٢٢)ی لەسەر ئاستی جیهانی، ساڵێك دواتر گراف گەیشتە یاری کۆتایی پاڵەوانییەتی ئەڵمانیای کراوە، گەیشتە ریزبەندی شەشەمین لەسەر ئاستی جیهان و لە ساڵی ١٩٨٦ توانی نازناوی پاڵەوانییەتی ئەڵمانیای کراوە بباتەوە و لە یاری کۆتایی لە کچە یاریزانی مارتینا نافیراتیلۆڤا بباتەوە، کە ئەو کات لە پلەی یەکەمی جیهان بوو، لەمانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ خەڵاتی باشترین وەرزشوانی جیهانی لە تێنسی سەرزەوی وەرگرت، لە رکابەریەکی بەهێز لەگەڵ چەندین ئەستێرەی جیهانی وەکو ئەرژەنتینی گابریێلا ساباتینی و ئیسپانی سانشێز، دواتر کەوتە رکابەری یەکەمی ریزبەندی گشتی جیهانی سویسری، مارتینا هینگیز نازناوەکەی لێوەرگرتەوە. شتیفی گراف لە مێژووی پیشەگەری توانی (٢٢) نازناوی جیهانی بباتەوە و لەوانە شەش پاڵەوانییەتی فەرەنسای کراوە لەپاریس و چوار پاڵەوانییەتی ویمبڵدۆن لە لەندەن و چوار پاڵەوانییەتی



شتیفی گراف لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٩ لە ناوچەیەکی سەر بە شاری هاید لبیرگی ئەڵمانی لەدایکبووە و لە کۆمپانیای خۆماڵی باوکی فەرمانبەر بووە و دایکیشی کاری بارزگانی ئۆتۆمبێلی کردووە. جارێکیان بە دیاری ڕۆکێتێکی تێنسی سەرزەوی پێشکەش بە کچەکەی کرد، کە تەمەنی چوارساڵانە بووە، هەر لەو تەمەنەوە دەستی بە ڕاهێنان کردووە و دواتر لە تەمەنی شەش ساڵی بەشداری لە پاڵەوانییەتی بەچکە شێرانی میونخ کرد و توانی نازناوەکە بباتەوە. ساڵی ١٩٧٧ هەر لەشاری میونخ پاڵەوانییەتی لاوانی بردەوە، باوکی بڕیاریدا واز لەکارەکەی بهێنی و مەشق بە کچەکەی بکات، لەیەکەم تاقیکردنەوەدا شتیفی گراف لە پاڵەوانییەتی ئەڵمانیا لە هۆڵەداخراوەکان، بەرانبەر بە یاریزانێك کە پلەی (٨٠) تووشی دۆڕاندن هات. لەساڵی ١٩٨١ گراف یەکەم یاریزانی ئەڵمانی دەبێ کە نازناوی جیهانی بۆ لاوان لە هەرێمی فلۆریدای ئەمریکی بباتەوە و لە تەمەنی سیانزە ساڵی توانی نازناوی پاڵەوانییەتی لاوان بۆ تەمەنی (١٨) ساڵی لە ئەڵمانیا بباتەوە و دوای چوار مانگ گراف توانی ناوی بخانە لیستی یاریزانە پیشەگەرەکانی جیهانی بە پلەی (٢١٤) لەسەر ئاستی جیهانی.

## ...اسنی تێنسی سەرزەوی جیهانی

ئوسترالیای کراوە، لەهەمان کاتدا گراف یەکەمین یاریزان لە جیهان بێت ماوەی سێ سەد وحەفتا وحەفت هەفتە پارێزگاری لەیەکەمی جیهانی بکات.

### ژیانی تایبەتی گراف

دوای دۆڕاندنی بە دە ڕۆژ لە پاڵەوانییەتی ویمبڵدۆنی ساڵی ١٩٩٩ کچە یاریزانی ئەڵمانی شتیفی گراف بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا، سەرەڕای ئەوەی لە هەمان ساڵدا نازناوی کەسایەتی وەرزشی لە ئەڵمانیا وەرگرت، دوای چەند هەفتەیەك شتیفی گراف لە خۆشەویستەکەی شوفێری ئەڵمانی میکائیل بارتیلز جیابۆوە، دواتر باس لەوە دەکرا کە گراف پێوەندی خۆشەویستی رادەبەدەری لەگەڵ یاریزانی بەناوبانگی تێنسی سەرزەوی ئەمریکی ئەندرێ ئەگاسی هەیە و دواتر ژیانی هاوسەریان پێکهێنا و ئێستاش خاوەنی دوو منداڵن و لە ئەمریکا ژیان بەسەر دەبەن، گراف بە کچێکی ئاسنی و بەتواناترین هێزی لەش ناسرابوو.

## قەیس بڵباس راهێنەری تیپی چوارچرای کوردستان لە نەرویج

# نازانین کێ بەرپرسە لەوەرزشی کوردستان

***هۆکاری ســـەرنەکەوتن لە خولی نەرویجی بۆپلە پێنج بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

- بەراستی ئێمە لە گروپێکی زۆر بەهێز دابوین،لەبەر ئەوەی یاســـای تۆپی پێی نەوریجی گۆڕا بوو،لە پلە ســـێ ١٨تیپیان گەڕانـــدەوە بۆپلە چوار لە پلە چواریـــش ١٨تیپ بۆپێنج و تاکو پلە هەشـــت بەم شێوەیە بوو،ئێمە لە پلە شەش کە بەشدارین توانیمان لـــە چوارگۆشـــەی زێرین بمێنینـــەوە لە کۆمەڵی ئێمەش یەك تیپ بەسەردەکەوت بۆیە تەنیا توانیمان بمێنینەوە نەمـــان تواین ســـەرکەوین بۆپلە پێنجی نەوریجی .

***ئەمساڵ بەنیازن بەشـــداری پاڵەوانەتی نۆروای کوپ بکەن ؟**



-نەخێر بەشداری ناکەین، چونکـــە وەزارەتـــی وەرزش ولاوان نەمـــا کەس پشـــتگیریمان نـــاکات، بۆیـــە نەمان توانی بـــەردەوام بین لـــەم پاڵەوانەتیە چۆن پەیوەنـــدی بکەین،چۆن خۆمان ئامادە بکەین بۆئەم پاڵەوانەتیە .

***ئـــەی پێوەندیتـــان لەگەڵ یەکێتـــی تۆپی پێی کوردستان نەکردوە؟**

-نەخێر،بەڵام ئەگەر یەکێتی تۆپی پێ لە کوردستان پێیان خۆش بێت،ئێمەش زۆرمان پێ خۆشە پەیوەندی بکەین بۆهاوکاری کردنی یەکتری،بۆئەوەی خۆمان بەهێزتر بکەین پشـــتگیری ئـــەوان بۆئێمە مادی و مەعنـــەوی گەورەیە لە رێـــگای رووداوەوە هیوای ئەوەمان هەیە یەکتری بناسین و بۆهاوکاری کردنی یەکتری .

***داواتـــان لە حکومەتی هەرێـــم نەکردوە بۆئەوەی هاوکاریتان بکات ؟**

-نەخێر چونکە ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئێمە پەیوەندیمان لەگـــەل وەزارەتی وەرزش ولاوان بەهێز بـــوو بە تایبەتی کاك تەهابـــەرواری زۆر خزمەتی ئێمەی دەکرد،بەڵام دوای ڕۆشـــتنی کاك تەها ئێمە نازانین کێ بەرپرسە لە وەرزش کە ئێمەش دابڕاین لە وەرزشی کوردستان .

***دەنگۆیەك هەیە کە دەڵێ، یانەکەی ئێوە نەماوە؟**

-نە خێر ئەم قســـانە تەنیـــا پروپاگەندەیە،لە وڵاتی نەرویـــج بەفەرمی دووتیپی کـــوردی هەیە ئەویش چوارچرا و کوردستان فتبۆل کلوپە هەردوویانە لەپلە شەشین.

***کێ یارمەتی یانەی چوارچرادەدات ؟**

-کـــەس یارمەتی ئێمە نادات کێشـــەی ئێمە ئەوەیە کەوا لەســـەر پێی خۆمـــان دەڕۆیـــن بەڕێوە ئێمە بەخۆمـــان خزمەتی خۆمان دەدەین،ئێمە لە دەرگای هەموو کەسێك دەدەین بۆئەوەی یارمەتیمان بدات .

***داواکاریتان چییە لەبەرپرسانی کوردستان؟**

-ئێمە شانازی بە حکومەتی کوردستان دەکەین بۆیە داواکارین پشتگیرمان بکات .

***پەیوەندیتان لەگەڵ یانەی هەولێر نەکردوە بۆئەوەی یاریزانی بەتوانای پێ بدەن؟**

-من پەیوەندیم زۆر بەهێزە لەگەڵ کارگێڕانی یانەکە ویەکـــە یەکی یاریزانانی یانەکە بەڵام تاکو ئێســـتا نەگەیشتوینەتە ئەوەی رێکەوتنێکی فەرمی بکەین لە نێوان هەردوو لامان،وتیشـــی ئەمساڵ یاریزانێکم بە ناوی ئازاد کوردی رۆژ هەڵات لە یانەیەکی پلە دووی نەوریج وەرگیرا کە گۆڵکاری خولی یانەکانی نەوریج بوو،ئەوە شـــتێکی چاکە کەوا یاریزانێ: ئاوا بەتوانـــا خزمەتێکی یانەیەکی کوردی بکات ئەگەر ئەو پەیوەندیە لە رێگای رووداو دروســـت بێت زۆر باشترە .

***بەرنامەتان چییە وەکو یانەی چوارچرا؟**

- ئێمـــە هەوڵمان ئەوەیە بتوانیـــن ئەو پەیوەندیەمان لەگەڵ بەرپرسانی وەرزشی کوردستان دروست بێتەوە لەرێگای روداوەوە بۆهاوکاری کردنمان .هیوای من ئەوەیە بتوانم یاریزانی نوێ دروست بکەم .

***بۆچـــی خۆتان بە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردســـتان نەناساندوە بۆهاوکاریی کردنتان؟**

-کاتـــی خۆی بە مـــەلا بەختیـــارم وت لە نەرویج ناوبراو زۆر بەرێزەوە وتی ئەگەر هاوکاریتان ویســـت من لە خزمەت دام،بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرقاڵ بوو خەڵکێکی زۆر لە دەوری بـــوو نەمان توانی درێژە بە قســـەکانمان بدەین،بۆیە ئێستا ئەگەر لەرێگای رووداوە بێت باشترە بۆدروست بوونەوەی ئەم پەیوەندیە بۆئەوەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان پەیوەندی دروست بکەین.

***ئێستاش لە نەوریج بە ئاڵای کوردستان بەشداری خولەکان دەکەن؟**

-بەڵێ ئێمە پێش هەموو یارییەك سوێند بەخوا سوێند بە گۆڕی شـــەهیدان و سوێند بە کوردو کوردستان یارییەکانمان ئەنجام دەدەین.ئەوە سوێندی یاسایمانە

***لە کۆتایی ئەگەر شتێکت ماوە ؟**

- ئێمە لە نەوریج تەنیا دوبرای بەرێزم کاك ســـورێن وســـیزارکارگێرانی یانەکەمان زۆر هاوکاری یانەکە دەکەن بە خۆبەخشیی کاردەکەن .سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم،کەوا هاوکاری وەرزشوانان دەکات.



قەیس بلباس لەدایك بووی ســـاڵی ١٩٧٣ی شاری هەولێر ئێستا دانیشووی وڵاتی نەرویجە وخاوەن دووبڕوانامەی ڕاهێنەریە وماوەیەکیشـــە راهێنەری تیپی چوارچواری کوردســـتانە لە وڵاتی نەرویج کە بەشـــداری خولی نەرویجیە لە بارەی هۆکاری دوایین گۆڕانکاریەکان و سەرنەکەوتنیان بۆریزەکانی تر ئەم دیەمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.



خەلفـــان ئیبراهیم خەلفان لە ســـاڵی ١٩٨٨ی لـــە قەتەر لەدایك بووە، یەكێكە لە یاریزانە لێهاتووەكانی قەتەر و لە ســـاڵی ٢٠٠٦ بە باشترین یاریزانی ئاســـیا دەستنیشان كرا، هەرچەندە ئەو كات تەمەنی ١٨ ســـاڵ بوو، دوای ئەم دەستنیشـــان كردنە، تووشـــی چەندیـــن پێكان هات. ناوبراو تەنیا لە ریزی یانەی ســـەد یاری كردووە. هەرچەندە سەرەتایەكانی لە تۆپی پێی بۆ یانەی عەرەبی دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر زوو پەیوەندی بە یانەی سد كرد و تا ئێستا لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوامە و لە هێڵی هێرشـــبەر یاری دەكات و یاریزانی ســـەرەكی هەڵبژاردەی قەتەرە، ئەم یاریزانە لە خێزانێكی وەرزشوان پەروەردە بووە، باوكی ئیبراهیم خەلفان باشترین یاریزانی هەڵبـــژاردەی قەتەر و یانەی عەرەبی بووە لە تۆپی پێی، خەلفان ئیراهیم خەلفـــان دەڵێت: كاتێك هەردوو یانەی ســـەد و عەرەبی رووبەڕووی یەكتر دەبینەوە، كێشەیەكی گەورە لە نێوان من و باوكم روودەدات، چونكە باوكم هاندەرێكی سەرشێتی عەرەبییە و منیش یاریزانی یانەی سەدم، بۆیە رۆژێك پێش یارییەكە و رۆژێك دوای یارییەكە هەر شەڕ لە نێوانماندا روودەدات، لە هەمان كاتتدا گشت ئەندامانی خێزانەكەمان هاندەری یانەی عەرەبین.

كاتێك لە وڵاتی قەتەر بووین و ئامادەی یەكێك لە یەكە مەشقەكانی یانەی ســـەد بووین، لە نزیكەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ خەلفان ئیبراهیم خەلفان ئەنجام دا.

دیمانە: رێبین رەمزی - قەتەر

## یاریزانی هەڵبژاردەی قەتەر و یانەی سەد خەلفان ئیبراهیم خەلفان تایبەت بە گوڵان

# جەماوەر هاندەری سەرەكی بوون

*** دوای ئەوەی وەكو باشترین یاریزانی ئاسیا دەست نیشـــان كرایت، ئاستت بە شێوەیەكی ســـەرەنج راكێش دابەزی، هۆكارەكەی بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە ڕاســـتە دوای دەستنیشانكردنم وەكو باشـــترین یاریزان لە ئاســـیا ئاستم دابەزی، ئەمەش بۆ ئەم پاڵپەســـتۆیە دەگەڕێتەوە، كە لە لایەن جەمـــاوەر و دەزگاكانی راگەیاندن كرایە ســـەرم، هەرچەندە لـــە هەندێك یاری ئاســـتم باش بوو، بەڵام بە گشـــتی ئاستم دابەزیوە و هەروەها تووشـــی دوو پێكان بووم ئەمەش كاریگەری خۆی هەبووە.

*** هـــۆكاری چییـــە زۆر تووشـــی پێكان دێیت؟**

- ئەمـــە جێگـــەی ســـەرنجە هەرچەنـــدە لـــە مەشـــقەكانی خۆم بەردەوامـــم و هیچ كەمتەرخەم نیم، بەڵام زۆر تووشـــی پێكان دەبم و نازانم هۆكارەكەی چییە.

*** هـــۆكاری چوونـــە دەرەوەی هەڵبژاردەی قەتەر لە جامی نەتەوەكانی ئاسیا ٢٠١١ بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- هۆكاری چوونە دەرەوەی هەڵبژاردەی قەتەر لە جامی نەتەوەكانی ئاســـیا بۆ متمانە بە خۆنەبوون دەگەڕێتەوە و هەروەها یاریزانەكان ئەزموونی ئەم جـــۆرە پاڵەوانێتییانەیان كەم بوو، چونكە یاریزانەكان متمانەیان بە خۆیان نەبوو، كە بتوانن بگەنە قۆناغەكانی كۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە.

*** ئایا پاڵپەســـتۆی جەمـــاوەر كاریگەری هەبووە لە ئاســـتی هەڵبـــژاردەی قەتەر لەم پاڵەوانێتییەدا؟**

- بەبۆچوونـــی خـــۆم جەمـــاوەر هیـــچ پاڵەپەستۆیەكی لەســـەر یاریزانەكان دروست نەكرد، بە پێچەوانـــەوە جەماوەر هاندەرێكی سەرەكی بوون بۆ گەیشتنمان بۆ ئەم قۆناغە لەم پاڵەوانێتییەدا و پاڵپشـــتییەكی تەواوی هەڵبژاردەی قەتەری كرد.

*** هۆكاری ئەنجامە خراپەكانی یانەی سد بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- چانـــس یاوەری یانەكەمان نەبوو لەم وەرزە و یاریزانەكان ئاستی راســـتەقینەی خۆیان پێشـــكەش نەكرد، هەرچەندە یانەی ســـەد گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزانێكی بە توانا مۆركرد، بەڵام ئەم یاریزانانە نەیانتوانی ئەو ئاستە پێشـــكەش بكەن، كە لێیان چاوەڕوان دەكرێت.

*** گەڕانەوەی راهێنەر فۆســـاتی بۆ ئەركی راهێنەرایەتی یانەی سەد، چ كاریگەرییەكی دەبێت؟**

- راهێنەر فۆساتی یەكێكە لەو كەسانەی، كە زۆر نزیكە لە یانەی سد و چەندین دەستكەوتی لەگەڵ یانەی سد لە پاڵەوانێتییە جیاوازەكان بە دەستهێناوە و لە نزیكەوە شارەزای ئاستی یاریزانەكانی یانەكەمانە، بۆیە دەستنیشـــان كردنی ئەم راهێنەرە بڕیارێكی ســـەركەوتوو بوو.

*** دوا وتەت چییە بۆ جەماوەری وەرزشی؟**

- زۆر سوپاستان دەكەم و هیوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازم و داوای لێبوردن لە جەماوەركەمان دەكەم، كە ماڵئاوایمان لە جامی نەتەوەكانی ئاســـیا كرد و جەخت لەوە دەكەمەوە كە بەم نزیكانە ئاستی راستەقینەی خەلفان ئیبراهیم خەلفان دەبینن.

# شاجوانانی تێنسی سەرزەوی لە کەنداو بوون

لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا، باشترین کچە یاریزانانی جیهان لە یاری تێنسی سەرزەوی بەشدارییان لە هەردوو پاڵەوانییەتی دوبەی لە ئیمارات و دەوحە لە وڵاتی قەتەر کرد، لە پاڵەوانییەتی دوبەی کچە یاریزانی دانیمارکی کارۆلین ڤۆزنیاکی نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای ئەوەی بەدوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر لە کچەیاریزانی روسی سڤێتلانا کۆزنسڤای بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-١، ٦-٣) بوو، بەم سەرکەوتنە ڤۆزنیاکی پلەی یەکەمی پۆلینی باشترین یاریزانانی تێنسی سەرزەوی جیهانی لەسەر ئاستی ئافرەتان وەرگرتەوە. لە یاری کۆتایی پاڵەوانییەتی دەوحە کچە یاریزانی روسی ڤێرا زڤۆناریڤا نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای ئەوەی بە ئەنجامی بەدوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر لە کچەیاریزانی دانیمارکی کارولین ڤۆزنیاکی بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-٤، ٦-٤) بوو، شایانی باسە کەشوهەوا لەوکاتەی ساڵدا لە وڵاتانی کەنداو گەرمە، ئەوەش یارمەتی یاریزانانی تێنسی سەرزەوی دەدات ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن؟



## بەناوبانگترین گۆڵچییە گۆڵکەرەکانی جیهان





لە یاری نێوان هەردوو یانەی ئەلمێریا و دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیا لە هەفتەی ٢٤ ی لالیگای ئیسپانیا، گۆڵچی یانەی لاکەرۆنیا (دانیال ئەرانزوبیا ) لەدوا ساتی یارییەکە بە لێدانی سەر گۆڵی بەرامبەری بۆ یانەکەی تۆمار کرد، لە مێژووی تۆپی پێی جیهانی گۆڵچی گۆڵکەری بەتوانا ناویان تۆمار کردووە کە بەناوبانگترین پێنج گۆڵچی گۆڵکەر ئەمانەن: رۆجێریۆ سینی: گۆڵچی هەڵبژاردەی بەرازیل و کاپتنی یانەی ساوپاولۆ کە تا ئێستا ٩٨ گۆڵی تۆمار کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ توانی ٢٠ گۆڵی لە یەک وەرزدا تۆمار بکات کە ئەمەش ژمارەیەکی گەورەیە و زۆر لە هێرشبەران ناتوانن تۆماری بکەن. خۆسی لویس چیلاڤێرت: گۆڵچی هەڵبژاردەی پاراگوای کە لەژیانی وەرزشیدا ٦٤ گۆڵی تۆمارکردووە، ئەم یاریزانە تاکە گۆڵچییە لە مێژوو هاتریکی لە یارییەکدا تۆمارکردووە لە یارییەکی خولی ئەرژەنتین لە نێوان هەردوو یانەی فیلیزسارسفیلد و فیرۆ . رینی هیگیتا : گۆڵچی بەناوبانگی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا کە بەنازناوی (ناشیرین) ناسراو بوو هەروەها خاوەن گەڕاندنەوەی (دووپشك) بووە، لە ژیانی وەرزشیدا ٣٨ گۆڵی تۆمار کردووە. هانز یۆرگ بۆت : گۆڵچی ئێستای یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی کە ٣٢ گۆڵی تۆمار کردووە کە ٣ گۆڵی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە. پیتەر شمایکل: ئەفسانەی دانیمارکی و گۆڵچی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتد کە ١٣ گۆڵی تۆمار کردووە، زۆربەی گۆڵەکانی شمایکل بە لێدانی سەر بووە.


## پاتۆ کچەکەی بیرلسکۆنی خۆشدەوێت



رۆژنامەی (کۆرێری دیلا سیرا)ی ئیتالی رایگەیاند یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و ئەستێرەی یانەی ئەی سی میلان ئەلیکساندەر پاتۆی تەمەن ٢١ ساڵ بە پەیوەندییەکی تازەی خۆشەویستی تێدەپەڕێت، بەڵام ئەمجارەیان کچێکی ئاسایی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو پەیوەندی لە گەڵ (باربارە بیرلسکۆنی ) بەستووە، کە ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی میلان و کچی خاوەن یانە و سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا سیلڤیۆ بیرلسکۆنییە. ماوەیەکە لە شاری میلان هەواڵی ئەم پەیوەندییە بڵاوبۆتەوە، بەڵام ئەمجارە لە رێگای رۆژنامەیەکی بەناوبانگی وەك (کۆرێری دیلا سیرا) دوپاتکرایەوە، ئەگەر ئەم هەواڵە راست بێت ئەوە یاریزان پاتۆ دەبێتە بەدەسەڵاترین یاریزانانی یانەی میلان.

## سەرۆکی یانەی بایەرن میونیخ یاریزانەکانی سزا دەدات

کارل هاینز رۆمەنیگە سەرۆکی یانەی بایەرن میونیخ بڕیاری دا بڕی ٢٠ هەزار یۆرۆ لە پاداشتی یاریزانانی یانەکەی کەمبکاتەوە وەك سزادانی یاریزانەکان لەدوای دۆڕاندنیان لە یاریگای خۆیان بەرامبەر یانەی بروسیا دۆرتمۆند لە خولی ئەڵمانیا و بێ ئومێد بوونی یانەکەی هەرێمی بەڤاریا لە بەدەستهێنانی نازناوی بۆندسلیگا بۆ وەرزی ٢٠١٠ – ٢٠١١، رۆمەنیگە بەڵێنی ئەم پاداشتەی دابوو بۆ ئەوەی یاریزانەکانی بۆ سەرکەوتن یاری بکەن. ئەوە زیاتر کە سەرۆکی یانەی بایەرنی تورە کرد، ئاهەنگی هاندەرانی یانەی دۆرتمۆند بوو لە یاریگای ئەلیانز ئەرینا،لەو کاتەی هاندەرانی یانەی بایەرن میونیخ بە دڵ ساردی لە یاریگا چوونە دەرەوە و هیوایان نەما لە پارێزگاریکردن لە قەڵغانی خولی ئەڵمانیا.







## میسی هێرشبەرێکی درۆزنە

ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە لیۆنیل میسی دانی بەوە دانا کە درۆزنە، بەڵام نەك لە قسەکانی بەڵکو لەشوێنی یاریکردنی لەناو یاریگادا، کاتێك لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە یاری دەکات، میسی لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆ گوتی: من هێرشبەرێکی درۆزنم. میسی لە درێژەی لێدوانەکەی گوتی: گواردیۆلا داوای لێکردم وەك هێرشبەر یاری بکەم،ئەوەش لەگەڵ شێوازی یاریکردنی یانەی بەرشلۆنە دەنگونجێت، چونکە هەموو کارەکان لە هێڵی ناوەڕاست دەکرێت، ئەم شوێنە بۆ من گونجاوە لەبەرئەوەی دەتوانم زیاتر لە گۆڵ نزیکتر بم و گۆڵ تۆمار بکەم، پێشتر لە باڵەکان یاریم دەکرد دەبوایە بۆ پێشەوە یاری بکەم، ئێستا دەتوانم بۆ هەموو لایەك بڕۆم و بجوڵێمەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە من هێرشبەرێکی درۆزنم. یەکەم جار کە میسی وەك هێرشبەری پێشەوە یاری کرد لە ئایاری ٢٠٠٩ بوو، لەیاری کلاسیکۆ کاتێك بەرشلۆنە (٦-٢ ) لە ریال مەدریدی بردەوە،لەمبارییەوە میسی گوتی: گواردیۆلا پێی گوتم پێویستە سەر لە بەرگریکارانی ریال مەدرید بشێوێنین، چونکە ریال هەوڵ دەدات مەترسی تۆ رابگرێت، بەم پلانە توانیمان سەرکەتوو بین . شایانی باسە یاریزان میسی لە دوو ساڵی رابردوو خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی وەرگرت سەرەڕای ئەوەی تەمەنی ٢٣ ساڵە.






## وێنەکانی کوڕی رۆنی بە ٣٠ هەزار پاوەند

رۆژنامەی سەنی بەریتانی رایگەیاند یاریزان وێین رۆنی ئەستێرەی یانەی مانچستەر یونایتد بڕی ٣٠ هەزار پاوەندی داوەتە کەسێك لە پێناو وەرگرتنەوەی کامیرەیەکی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی کۆلین کە پێش ماوەیەك بزریان کردبوو بە سەدان وێنەی کوڕەکەیان (کای) تیایدا تۆمار کراوە. ئەو کەسەی کە کامیرەکەی دۆزییەوە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکان لە سایتەکان لە یاریزان رونی کردووە، بۆیە رۆنی بەناچاری بڕی ٣٠ هەزار پاوەند بدات بۆ وەرگرتنەوەی کامیرەکە و میمۆریەکەی، دواتر رۆنی سکاڵای لە پۆلیس لەسەر ئەو کەسە تۆمار کردووە.
گوتەبێژێك بە ناوی یاریزان رۆنی دووپاتی کردەوە و گوتی :رونی ئەم بڕە پارەیەی داوە چونکە کوڕەکەی تایبەتمەندی لەلای ئەو هەیە و حەز ناکات وێنەکانی لە سایت و رۆژنامەکان بڵاو بێتەوە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# ئایا یانەی هەڵۆنیازی دەگەڕێتەوە

**تیپی تۆپی پێی یانەی هەڵۆی دهۆری بارزان، ماوەی چەند ساڵێکە لەسەر دەستی چەند یاریزانێکی خوێن گەرمی دهۆری بارزان لە ناوچەی بلێ و دەوروبەری درووست بووە . شێخ بەهزاد بارزانی سەرۆکی تیپەکەیە، ماوەی چەند ساڵێکە بەشداری خولەکانی کوردستان دەکات، ئەم ساڵیش تیپەکە لە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان یاری دەکات، لەئێستاشدا ئاستی تیپەکە جێگیرەو نیازی گەڕانەوەی هەیە بۆخولی نایابی کوردستان.**

**ڕاپۆرتی :کارزان کانەبی**

**ئەحمەد خەلیل ئەحمەدئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی هەڵۆ لە بارەی ئاستی یانەکەیان لە خولی کوردستان وتی:** سوپاس بۆخوای گەورە بە پشتیوانی یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران و دەستەی کارگێڕی یانەکەمان و هاندەرانی یانەکە، ئاستی یانەکەمان زۆر باشە، ئێمە لەسەرەتای وەرزی نوێی خولەکە، بە نیازی گەڕانەوەی یانەکەمان بۆخولی نایاب ئامادەکاری باشمان ئەنجامدابوو، لە بارەی ئاستی ئەمساڵی تیپەکان وتی، هەموو تیپەکان ئاستیان بەرزە لە خولی ئەمساڵ خولەکەش زۆر بەهێزە و ڕکابەری بەهێزتر دەبێت لە نێوان یانە بەشداربووەکان بۆبەدەست هێنانی پلیتی سەرکەوتن بۆخولی نایابی کوردستان، لەبارەی کێشەی یانەکەشیان وتی: هەموو یانەیەك کێشەی هەیە هیچ یانەیەك بێ کێشە نییە، کێشەی ئێمە تەنیا نەبوونی توانایەکی ماددی باشە، بە پشتیوانی خوای گەورە ئەوەش چارەسەر دەکەین. هەروەها وتیشی بودجەی مانگانەی یانەکان کەمە و بەشی زۆر لە پێداویستییەکانمان ناکات،وتیشی سوپاسی سەرۆکی یانەکەمان شێخ بەهزاد دەکەین، کە هاوکاری باشمان دەکات، وتیشی کێشەیەکی تری ئێمە ئەوەیە کەوا شوێنەکەمان ناوچەیەکی شاخاوییە، هێنانی یاریزان و ڕاهێنەر بۆ ئەم ناوچەیە زۆر زەحمەتە و وەکو ناو شارەکان نییە مەسرەفی زۆری دەوێ، لەو بارەوە وتی، ئەمساڵ لە شاری موسڵ دوو یاریزانی عەرەبمان هێناوە، ئومێدی زۆریشمان هەیە کەوا پلیتی سەرکەوتن بۆخولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنین، دڵی هاندەرانیشمان شاد بکەین بە دووبارە گەڕانەوەمان بۆخولی نایابی کوردستان .

**زیادمەحموود ڕاهێنەری یانەی هەڵۆ،لە بارەی ئاستی تیپەکەیان وتی:** من ئەمساڵ مەشقی ئەو یانەیم لە ئەستۆ گرتووە و ئامادەکاری باشمان کردووە بۆ یاریزانانی یانەکەمان، بۆئەوەی بتوانین تیپێکی رێکوپێك ئامادەبکەین، بۆ یارییەکانی خولی یانەپلە یەکەکانی کوردستان، سوپاس بۆخوا لە ئێستادا ئاستمان زۆر باشە و، بەهیوای ئەوەم بتوانین ئەمساڵ تیپەکە بگەینە خولی پلەی نایابی کوردستان، وتیشی ئاستی تیپەکانی تری بەشداربووی خولەکە زۆر باشە و ململانێی بەهێز لە نێوان تیپەکان هەیە، بۆیە ئومێدی ئێمە ئەوەیە بتوانین تیپەکەمان بەو پەڕی بەهێزییەوە بچێتەوە خولی نایابی کوردستان، وتیشی




ئەحمەد خەلیل


زیادمەحموود


ڕێبوار غازی


فکری شێخ سەعید

ئێستا لە دووەمی ریزبەندی یانەکانین، بۆیە ئومێدی ئەوەمان هەیە پلیتی سەرکەوتن بۆ خولی نایاب بەدەست بهێنین، وتیشی هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، سوپاسی سەرۆکی یانە و دەستەی کارگێڕی یانەکەمان دەکەم کەوا زۆر هاوکاری دەستەی ڕاهێنەران دەکەن، یاریزانەکانمان بەوپەڕی بەرپرسیارییەتییەوە لە نێو یاریگا هەڵسوکەوت دەکەن، پلانەکانی دەستەی ڕاهێنەران جێبەجێ دەکەین، تاکە ئومێدی منیش ئەوەیە بتوانین تیپەکە بگەڕێنینەوە خولی نایابی کوردستان.

**ڕێبوار غازی یاریزانی یانەی هەڵۆ لە بارەی ئاستی یانەی هەڵۆ لەم وەرزەدا وتی:** سوپاس بۆخوای گەورە ئەمساڵ لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان ئاستمان زۆر باشە، هیچ گرفتێکمان نییە، ئەمساڵیش هەر چەندە ئاستی خولی پلە یەکی کوردستان زۆر بەرزە، ئێمەش تاکو ئێستا توانیمانە ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەین، دەستەی کارگێڕی یانەکەشمان ئەوپەڕی هاوکاری دەستەی ڕاهێنەرانی تیپەکەمان دەکەن، هیچ کێشەو گرفتێکمان لە ریزی یانەکەدا نییە، وتیشی یاریزانانی یانەکەمان ئاستیان زۆر باشە، لە نێو یاریگادا بەتەواوی ڕێنماییەکانی دەستەی ڕاهێنەران پەیڕەو دەکەین، هیوای ئێمە سەکەوتن بۆ ریزی پلە نایابی کوردستان دەخوازین.

**فکری شێخ سەعید گۆڵچی یانەی هەڵۆ لە بارەی ئاستی تیپەکەیان لەم وەرزشدا وتی:** ئێمە لەسەرتای وەرزی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، خۆئامادەکارییەکی باشمان ئەنجامدابوو، لەسەر دەستی ڕاهێنەری تیپەکەمان، ئێمەش لە ئامادەکاری باشداین، بۆئەوەی تیپەکەمان سەر لەنوێ بگەڕێتەوە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، وتیشی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان زۆر هاوکاریمان دەکەن، بۆیە ئەگەری زۆرمان هەیە ئەمساڵ بتوانین بگەڕێینەوە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و دڵی هاندەرانی ناوچەکەمان خۆش بکەین،سوپاسی هاندەرانی شارەکەمان دەکەم کە زۆر هاوکاریمان دەکەن و هانمان دەدەن و هاوکارو پاڵپشتی ئێمەن. لە بارەی کێشەکانی تیپەکەشیان وتی «هیچ کێشەیەکمان نییە لە یانەی هەڵۆ، بۆیە هەموو هیواو ئاواتێکی ئێمە تەنیا گەیشتنە بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان. وتیشی ئێمە دەبوایە پارساڵ سەرکەتوو باین بۆ ریزی پلە نایابەکانی کوردستان، بەڵام بەهۆی هەڵەی چەند یاریزانێك، ئەم هەڵەمان لەدەستدا. لە کۆتایشدا وتی بەپشتیوانی خواو بە هیممەتی یاریزانان دەتوانین ئەو ئاواتەمان بە دی بهێنین.

## ئۆزیل:
## شانازی دەکەم یەکەم یاریزانی کوردم یاری بۆ ئەڵمانیا دەکەم

تا ئێستا بەلای بێژەرە وەرزشییە عەرەبەکان سەیرە ئەگەر بگوترێ یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەڵمانیای مانشافت و یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی مەسعود ئۆزێل بە رەگەز کوردە. یاریزان مەسعود ئزیل توانی لە میانی یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ ی باشووری ئەفریقیا وەکو دیاردەو ئەفسانەیەکی نوێی تۆپی پێی ئەڵمانی و جیهانی دەرکەوێت هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆربەی یانە بەناوبانگەکانی جیهان لە ناویشیاندا یانەکانی ریال مەدریدو بەرشەلۆنەو مانشستەر یونایتدو چەند یانەیەکی دیکە ململانێ و کێبرکێ بکەن لە سەر مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵی، هەر لەو کاتەوەش دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئۆزێل بەرەگەز کوردە بەڵام بەو پێیەی خێزانە کوردەکانی کۆچکردووی ئەڵمانیا بە ناسنامەی تورکی چوونەتە ئەو وڵاتە ئەوان وەکو پەناهەندەی تورك ناونووس کراون بۆیە وەکو یاریزانێکی ئەڵمانی بە رەگەز تورك ناو دەهێنرێت، هەر ئەوکات باس لەوەش دەکرا کە یاریزانی ناوبراو چەند جارێك ئەوەی گوتووە کە ئەو بەرەگەز کوردە نەك تورك بەڵام دیاربوو بێژەرە عەرەبەکان رەگەزەکەیان بۆ تورك دەگەڕاندەوە. لە دوا دیمانەی خۆیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی zdf ی ئەڵمانی ئۆزێل دووپاتی لە سەر کورد بوونی خۆی کردۆتەوەو گوتوویەتی «من نەتەوەم کوردە نەك تورك، شانازیش بەوە دەکەم کە وەکو یەکەم یاریزانی کورد لە خولی ئیسپانی و هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەڵمانی یاری دەکەم»، ڕوونیشی کردۆتەوە کە خانەوادەکەی خەڵکی شاری دیاربەرکرن لە کوردستانی تورکیا. پێشتریش ئەو قسانەی بۆ رۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا لە ناویشیاندا رۆژنامەی بێڵد دووپاترکدۆتەوە.

